لە ئیسپانیا میدیاکان بەتۆمەتی پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتی سکاڵایان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیلیگرام تۆمار کرد

لە ئیسپانیا چەند میدیایەک بەتۆمەتی پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتی سکاڵایان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیلیگرام تۆمار کردووە، دادگای باڵای ئەو وڵاتەش بڕیاری داوە تۆڕەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕابگرێت.

ژمارەیەک دەزگای میدیایی سکاڵایان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیلیگرام تۆمار کردبوو، بەتۆمەتی ئەوەی ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بەرهەمەکانیان بڵاوبکاتەوە بەبێ ئەوەی مافی بڵاوکردنەوەیان هەبێت.

دادگەی باڵای ئیسپانیا داوای کردبوو کۆمپانیاکە زانیاریی کەسیی پشت ئەو هەژمارانە ئاشکرا بکات، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە، بۆیە بڕیاری داوە تۆڕەکە بەشێوەیەکی کاتی ڕابگیرێت.